# شرۆڤەیەک بۆ هەڵوەشانەوەی پەکەکە و داهاتووی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی ـ زانکۆی سەڵاحەددین

**پێشەکی**

پێشنیارەکەی سەرۆکی بزووتنەوەی حزبی نەتەوەپەرستی تورکیا "دەوڵەت باخچەلی" (Devlet Bahçeli) لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤، کە تایبەت بوو بە دووبارە دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان لەگەڵ پەکەکە و "عەبدوڵڵا ئۆجەلان" (Abdullah Öcalan) ئەم هەنگاوەی باخچەلی، بوو بە خاڵی دەستپێک بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان لە نێوان لایەنە فەرمییەکانی دەوڵەتی تورکیا و بەرپرسانی پەکەکە لە زیندان و دەرەوەی زیندان. بێ گومان هۆکارەکەی هەرچی بێت، ڕاستییەکی حاشەهەڵنەگر هەیە ئەویش بریتییە لەوەی هەردوو لا هەنگاوی جددییان ناوە بۆ ئەوەی دانوستانەکانی نێوانیان دەست پێ بکات. بەڵام نیگەرانی و مەترسییەکانی سەرنەکەوتنی پرۆسەی دانوستانەکە تا ئێستا لە ئارادایە، چونکە متمانەی تەواو لە نێوان لایەنەکان بەتەواوەتی جێگیر نەبووە و پێ دەچێت ئەوەی لەم چوارچێوەیەدا دەگوزەرێت، لەژێر گوشاری گۆڕانکارییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانە لە لایەک و، بارودۆخی ناوخۆیی سیاسیی تورکیایە لە لایەکی دیکەوە. دەکرێ لە قۆناغەکانی داهاتوو هەندێک هەنگاوی بەرچاو لەم بارەیەوە بەدی بکرێت، بەڵام پێ ناچێت ببێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیا. هۆکاری ئەمەیش لەوانەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کەوا نە پەکەکە بەتەنیا نوێنەری ڕاستەقینەی کوردە لە تورکیا و نە هاوپەیمانیی کۆمار ئەو هێزە جەماوەرییەی پێشووی ماوە، کە بتوانێ ئەم گۆڕانکارییە ڕیشەییە ئەنجام بدات.

لە بابەتی ئەم جارەمان، هەوڵ دەدەین بەگشتی شرۆڤەیەکی بابەتییانە بکەین بۆ بڕیاری پەکەکە دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی و، هەروەها پێشبینییەکانی داهاتووی پرۆسەی چارەسەری لە تورکیا.

**ئایا پەکەکە چەک دادەنێت؟**

دەستپێشخەرییەکەی باخچەلی لەمەڕ دەستپێکردنی دانوستانەکان لەگەڵ پەکەکە و تەنانەت خودی ئۆجەلان، لە چوارچێوەی پرۆژەیەکدا بوو کە بەفەرمی ناوی لێ نراوە "Terörsüz Bir Türkiye" (تورکیایەکی بێ تیرۆر). ئەم دەستەواژەیە بەفەرمی بۆ یەکەم جار لەلایەن سەرۆککۆماری تورکیا "ڕەجەب تەییب ئەردۆغان" (Recep Tayıp Erdoğan) لە ساڵی ٢٠٢٤ بەکار هێنرا. بێ گومان پێشتریش بابەتی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و گرووپە تیرۆریستییەکان بەردەوام لە ستراتیژییەت و ئەدەبیاتی بەرپرسانی تورکدا هەبووە، بەڵام وەکوو ستراتیژییەت و پرۆگرامێکی تایبەتی حکوومەت، ئەمەیان بۆ یەکەم جار بەم شێوەیە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤دا بەکار هێنا. لەم چوارچێوەیەدا پرۆسە یاخود ستراتیژییەت، یانیش پرۆژەی تورکیایەکی بێ تیرۆر، بەم شێوەی خوارەوە خۆی لە پێنج قوناغدا دەبینێ:

**یەکەم:** قۆناغی یەکەم بە لێدوانەکەی ئەردۆغان دەستی پێ کرد، ئەویش لەژێر دروشمی بەهێزکردنی "بەرەی ناوخۆ" (İç Cephe)). ئەم لێدوانانە بۆ یەکەم جار و لەژێر ئەم ناونیشانە لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤ دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ کابینەی حکوومەتەکەی، لەلایەن ئەردۆغانەوە ڕاگەیەنرا. ئەم لێدوانەی ئەردۆغان لەلایەن باخچەلییەوە پاڵپشتیی لێ کرا و ڕاستەوخۆ لە ٢٢ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ، لە کۆبوونەوەی گرووپی حزبەکەی لە پەرلەمانی تورکیا، باخچەلی پەیامە بەناوبانگەکەی دەربارەی ئۆجەلان لە 27ی شوباتی 2025 ڕاگەیاند، کە تیایدا داوای کرد پەکەکە چەك دابنێت. ئەم قۆناغە لەگەڵ بانگەوازەکەی باخچەلی کۆتاییی پێ هات و پێی نایەوە قۆناغی دواتر کە قۆناغی دووەمە.

**دووەم:** ئەم قۆناغە لەگەڵ پەیامەکەی ئۆجەلان لە ڕێکەوتی 27ی شوبات دەستی پێ کرد و تا سەرەتای مانگی مایسی 2025 بەردەوام بوو، کە لەم ڕێکەوتەدا پەکەکە کۆنگرەی هەڵوەشاندنەوەی خۆی ڕاگەیاند. ئەم قۆناغە نزیکەی سێ مانگی خەیاند و تیایدا کۆنگرەی (12)مینی پەکەکە ئەنجام درا و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە ڕاگەیەنرا. ئەمە ئاماژەیەك و هاندەرێکی باش بوو بۆ سەرخستنی پرۆسەی دانوستاندن لە نێوان حکوومەتی تورکیا و پەکەکە.

**سێیەم:** ئەم قۆناغە لە 12ی مایسی 2025ەوە دەستی پی کرد و بە قۆناغی "دانانی چەك" دێت لەلایەن چەکدارانی پەکەکە. ئەو چەکدارانەی کە هیچ کەیسێکی دادگەییان لەسەر نییە، هیچ بەربەستێکی یاسایی نییە لەبەردەمیان بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە تورکیا و خۆیان ڕادەستی لایەنە ئەمنییەکان بکەن. جگە لەمەیش بەرپرسە باڵاکانی پەکەکە ئەگەری ئەوەیان لەبەردەمدا بەکراوەیی دەمێنێتەوە و دەتوانن لە سلێمانی بمێنن یاخود بچنە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و عێراق و ڕوو لە وڵاتانی ئەورووپا بکەن. هەروەها بابەتی ڕادەستکردنی چەکیش لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق ئەنجام دەدرێت. پێشبینی دەکرێت چەکەکان ڕاستەوخۆ ڕادەستی هێزە ئەمنییەکان و سوپای تورکیا نەکرێت. گرنگترین خاڵ لەم قۆناغەدا کشانەوەی چەکدارانی پەکەکەیە دوای چەکدانانیان لە چیای قەندیل و زاپ و ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان.

لە پاڵ ئەم هەنگاوەیش تورکیا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی نوێی سووریا، کار بۆ ئەوە دەکەن چەکدارانی "یەپەگە" تێکەڵی سوپای نوێی سووریا بکرێن و بخرێنەتە ژێر کۆنترۆڵی سوپای نوێی سووریا. بێ گومان ئەم هەنگاوەی ئەنقەرە لە سووریا لەوانەیە ئاوا بەئاسانی تێ نەپەڕێت و پێویستی بە کاتی زیاتر و شێوە و سیناریۆی زیاتر بێت، چونکە تا ئێستا ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کەوا سووریا بەتەواوەتی ئارام بۆتەوە و کێشەی نەماوە و لە ڕووی ئەمنی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە سەقامگیرە. هەروەها پێشبینی دەکرێت پرۆسەی چەکدانانی پەکەکە لەم قۆناغەدا 3 تا 4 مانگی پێ بوێت؛ بەڵام تا ئیستا ئەم قۆناغە جێبەجێ نەکراوە.

**چوارەم:** ئەم قۆناغە پاش کۆتاییهاتنی قۆناغی چەکدانان دەست پێ دەکات و بە قۆناغی بەدیموکراسیکردن و گرتنەبەری ڕێوشوێنە یاساییەکان ناوزەد دەکرێت. لەم قۆناغەدا پەرلەمانی تورکیا زیاتر ئەرك و ڕۆڵی پێ دەسپێردرێت، ئەویش لە ڕێگەی گرتنەبەری ڕێوشوێنە یاسایی و پێویستەکان بۆ بەدیموکراسیکردن و دەرکردنی ئەو یاسایانەی، کە لە ڕێگەیەوە بتوانرێت لە بواری دۆزی کورد لە تورکیا هەندێك هەنگاوی جددی بنرێت. پێشبینی دەکرێت ئەم قۆناغە بەئاسانی تێ نەپەڕێت؛ تەنانەت ئەگەر تێشپەڕێت ئەوە لەوانەیە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر بابەتەکە نەبێت؛ چونکە پێشتریش و لە ساڵانی ڕابردوویش چەندان هەنگاوی

هاوشێوە بە بیانووی هەنگاونان بەرەو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و کرانەوە بەڕووی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا نراوە، بەڵام بینیمان کە ئەنجامەکەی بەو شێوەیە نەبوو کە پێشبینی دەکرا. گەورەترین هۆکاری ئەمەیش، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی متمانە لە نێوان هەردوو لا.

**پێنجەم:** ئەم قۆناغە، بە قۆناغی تەواوکاریی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی دادەنرێت؛ واتا لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەوە کار لەسەر ئەوە دەکرێت کە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەوە لەگەڵ بارودۆخ و قۆناغی نوێدا لە لایەك و لە لایەکی دیکە لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی تورکیا بگونجێنرێت. پێشبینی دەکرێت درێژترین و سەختترین قۆناغ ئەم قۆناغە بێت و، پێ ناچێت ئەم قۆناغە ئاوا بەئاسانی تەواو بێت و جێبەجێ بکرێت.

ئەمەی سەرەوە پلان و قۆناغە چاوەڕێکراوەکانی هەنگاوی ئەم جارەیە، بەڵام بۆ وەڵامی پرسیاری "ئایا پەکەکە چەك دادەنێت؟" ئەوە پێویستە دەربارەی ئەزموونی پەکەکە لەم بوارەدا چاوێك بە مێژوودا بخشێنین. هەر لەم چوارچێوەیەدا سەرەتا و بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1993 و لە ئەنجامی دانوستاندنەکانی نێوان تورکیا و پەکەکە لە سەردەمی سەرۆککۆماری پێشووتری تورکیا "تورگوت ئۆزال" (Turgut Özal) ئۆجەلان ئاگربەستی تا بۆ ماوەیەکی سنووردارنەکراو ڕاگەیاند، بەڵام دوای کۆچی دوایی ئۆزال، ئەم ئاگربەستە درێژەی نەخایەند و بۆ ماوەیەکی کورت بوو. پاشان شەر و پێکدادان سەرلەنوێ دەستی پێ کردەوە.

ساڵی 1999 دوای دەستگیرکردنی ئۆجەلان، پەکەکە دووبارە ڕووبەڕووی بارودۆخێکی ڕێکخستنی سەخت بووەوە. گرنگترین هەنگاوی ئەو کاتە بریتی بوو لە بڕیاری کشانەوەی چەکدارانی پەکەکە بۆ دەرەوەی خاکی تورکیا. لە ئەنجامی ئەم ڕووداوانە جموجۆڵ و چالاکییەکانی پەکەکە لەناو خاکی تورکیا بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کرد بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی پەکەکە چەك دابنێت و ئاگربەستەکەیش لە ساڵی 2004دا کۆتایی پێ هات و دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق لە ساڵی 2003، پەکەکە زیاتر خۆی لەسەر خاکی عێراق، بەتایبەت هەرێمی کوردستان جێگیر کرد و کردییە پێگە و سەنتەری خۆی. دیسان لە ساڵی 2006 بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت ئاگربەست لەلایەن پەکەکەوە ڕاگەیەنرا بەڵام بە بیانووی پابەندنەبوونی تورکیا بەم ئاگربەستە، پەکەکە دووبارە دەستی بە چالاکییەکانی خۆی کردەوە دژی تورکیا.

دیارترین هەنگاوی پەکەکە و تورکیا لەم بارەیەوە ساڵانی نێوان 2013 ـ2015 بوو. لەم ماوەیەدا تورکیا، بەتایبەت بە سەرۆکایەتیی ئاك پارتی و خودی ئەردۆغان، بڕیاری دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتییان ڕاگەیاند و ئۆجەلانیش ڕاستەوخۆ لەم پرۆسەیەدا بەشدار بوو؛ تەنانەت لە 21ی ئازاری ساڵی 2013 ئۆجەلان پەیامێکی ڕاگەیاند و تیایدا داوای لە پەکەکە کرد چەك دابنێن و بکشێنەوە دەرەوەی سنوورەکانی خاکی تورکیا. سەرەڕای ئەوە ئەم قۆناغە بە گرنگترین و جددیترین هەنگاو لە مێژووی تورکیا دادەنرێت کە هەوڵ درابێت دۆزی کورد چارەسەر بکرێت؛ بەڵام ئەم پرۆسەیە لەگەڵ هێرشەکانی شاری سوروچ لە ساڵی 2015 ئەم قۆناغەیش بە شکست کۆتایی هات.

سەرجەم ئەم پێشهاتە و ڕووداوانەی ڕابردوو لە نێوان تورکیا و پەکەکە، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سەرەتا تا ئێستا متمانە لە نێوان لایەنەکان دروست نەبووە؛ هەروەها بابەتێکی گرنگی دیکەیش ئەوەیە پێشهاتە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵ و گرنگییان هەیە لە دیاریکردن و ئاراستەکردنی پەیوەندیی

نێوان هەردوو لا. بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دوو خاڵە جەوهەرییە، دەتوانین بۆ وەڵامی پرسیارەکەی سەرەوە ئەوە بڵێین: پەکەکە ئەزموونێکی باشی هەیە لەمەڕ درێژەدان بە کار و چالاکییەکانی خۆی لەژێر ناوی جیاواز.

ئەگەر تێبینیی پەیام و بڕیارەکەی پەکەکە بکەین لە دوایین کۆنگرەی کە بە "کۆنگرەی هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە"یش ناو دەبردرێت، ئەم دەقە لەخۆ دەگرێت: ***"کۆتایی بە سەرجەم کارەکان هێنرا کە بە ناوی پەکەکە ئەنجام دەدرا."*** ئەگەر بەوردی لەسەر ئەم دەستەواژەیە بوەستین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئامانج لێی تەنیا کۆتاییهێنانە بەو کارانەی کە لەژێر ناوی پەکەکە ئەنجام دەدرێن؛ کەواتا لێرە پرسیاری ئەوەمان بۆ دروست دەبێت: ئایا بەرپرسانی ئێستای پەکەکە بۆیان هەیە لەژێر ناوی دیکە درێژە بە کارەکانیان بدەن؟ وەڵامەکەی "بەڵێ"یە و بەرپرسانی پەکەکە ئەزموونیشیان هەیە لەم بارەیەوە. تەنانەت بەرپرسانی تورکیا بەردەوام ڕەخنە لە پەکەکە دەگرن کە لە ناوچە جیاجیاکاندا لەژێر ناوی جیاواز درێژە بە کار و چالاکییەکانیان دەدەن.

لە لایەکی دیکەوە باوردۆخەکەی ئێستای ناوچەکە لەوانەیە بە شێوەیەکی کاتی ئەوە بخوازێت هانی هەردوو لا بدات بۆ ئەوەی درێژە بە دانوستانەکان بدەن، بەڵام بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لەوانەیە ئەمە زۆر ڕاست و دروست نەبێت؛ چونکە پێشبینی دەکرێت ناوچەکە لە قۆناغەکانی داهاتوودا پێشهاتی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت و، ڕەنگە ئەمەیش ببێتە هۆی گۆڕانی هاوکێشە سیاسی، ئەمنی، سەربازی و ئابوورییەکانی ئێستا. بۆیە دەکرێ بڵێین هەرچەندە پەکەکە بڕیاری خۆهەڵوەشاندەوە و چەکدانانی داوە بەڵام هیچ کاتێك پەکەکە ئامادە نەبووە هەموو هێلکەکانی بخاتە ناو سەبەتەیەکەوە.

**ئامانجی ڕاستەقینە و کۆتایی تورکیا لەم پرۆسەیە چییە؟**

دروشمی "**تورکیایەکی بی تیرۆر**" ئامانجی ڕاستەقینە و کۆتایی تورکیایە لەم پرۆسەیە، چونکە خودی پرۆسەکە بەم ناوە دەستی پێ کردووە. با ئەوە لەبەرچاو بگرین لە چ کات و ساتێکدا ئەردۆغان بڕیاری دا ئەم هەنگاوە بنێت؟ بەگشتی جگە لە دروشمە سەرەکییەکەی پرۆسەکە، هۆکارە ڕاستەقینەکان بۆ نانەوەی ئەم هەنگاوە لەلایەن ئەردۆغان و ئاك پارتی، بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

**یەکەم:** ئاك پارتی دوای گۆڕینی سیستەمی سیاسیی تورکیا لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی و دروستبوونی ئەو هاوکیشەیە سیاسییە نوێیە لەسەر ئاستی وڵاتدا، حەزی دەکرد لە ڕێگەی پێکهێنانی هاوپەیمانییەوە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکات. لەم چوارچێوەیەدا سەرەتا پەنای بۆ پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی "مەهەپە" برد بە سەرۆکایەتیی باخچەلی، کە بەیەکەوە توانییان لە ساڵی 2018 هاوپەیمانیی کۆمار (Cumhur İttifakı) پێك بهێنن. بەڵام دوای ئەم قۆناغە تێبینی کرا و بەپێی دوایین ڕاپرسییەکان، دەرکەوت کەوا هاوپەیمانیی کۆمار ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژەی دەنگەکانی لەدەست دەدات و ڕێژەی دەنگەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە. تەنانەت ئەردۆغانیش ڕێژەی دەنگەکانی وەکوو ساڵانی ڕابردوو نەماوە و کەمی کردووە، بەتایبەت دوای ئەوەی هەر یەك لە ئەکرەم ئیمام ئۆغلو (Ekrem İmamoğlu) و مەنسوور یەڤاش (Mansur Yavaş) وەکوو دوو ڕکابەری بەهێزی ئەردۆغان دەر کەوتن. بۆیە دەتوانین بڵێین هۆکاری سەرەکیی ئەم هەنگاوەی ئەردۆغان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەیەوێ لە ڕێگەی ئەم نزیکبوونەوە لە پەکەکە دەنگی دەنگدەری کورد بۆ خۆی مسۆگەر بکات، یانیش بە لایەنی کەمەوە

ڕێگری لەوە بکات لایەنە سیاسییە کوردییەکان لەگەڵ حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ هاوپەیمانێتی پێك بهێنن؛ چونکە ڕاستییەکی حاشەهەڵنەگەر هەیە لە تورکیا، ئەویش بریتییە لەوەی کە لە سەرجەم هەڵبژاردنەکاندا دەنگی دەنگدەرەی کورد یەکلاییکەرەوەیە و قورساییەکی بەرچاوی هەیە لە یەکلاییکردنەوەی ئەنجامەکان و، جوانترین نموونەیش بۆ ئەمە هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکانە لە شارەکانی وەکوو ئیستەنبووڵ و ئەنقەرە.

**دووەم:** هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی ئێستا وا دەخوازن کە ئیتر نابێت دۆزی کورد فەرامۆش بکرێت و وەکوو جاران کورد هیچ حیسابێکی بۆ نەکرێت. بۆیە دەبینین تورکیا جۆرە نەرمییەکی لەم بارەیەوە نواندووە بە مەبەستی خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکە، کە لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهاندا هاتۆتە ئارا. واتا دوای هێرشەکەی حەماس لە 7ی ئۆکتۆبەری 2023 و کاردانەوە ئیسرائیل بۆ ئەم هێرشە، هاوکێشە ئەمنی و سەربازی و سیاسییەکانی ناوچەکە گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. هەروەها ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لە ماوەی 11 ڕۆژدا، ئەم گۆڕانکارییانەی زەقتر کردووە و، تەنانەت لاوازبوونی ئێران لە سووریا و لوبنان بنەمای ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لە ناوچەکەدا هاتۆتە ئارا. بۆیە نەدەکرا ئەنقەرە بەرانبەر ئەم هەموو پێشهات و ڕووداوانە لەسەر ئاستی ناوخۆدا ئامادەکاری نەکات بۆ ئەوەی شوێنی خۆی لە هاوکێشە نوێیەکەدا بکات یاخود لانی کەم بەبێ زیانێکی گەورە لە هاوکێشە نوێیەکەدا درێژە بە بوونی خۆی بدات.

**سێیەم:** باری ئابووری و دارایی تورکیا لە ساڵی 2002وە تا ئێستا لە سەختترین ئاستیدایە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لایەنی ئابووریی وڵات هەنگاو بەرەو داڕمان دەنێت و ئەگەر ئەنقەرە هەنگاوی جددی لەم بارەیەوە نەنێت، ئەوە ڕووبەڕووی کێشە و قەیرانێکی سەختی دارایی و ئابووری دەبێتەوە. بۆ ئەوەی لایەنی ئابووری و دارایی وڵات چارەسەر بکرێت، زۆر گرنگە لە ڕووی سیاسییەوە وڵات سەقامگیر بێت؛ ئەم سەقامگیرییە بەدی نایەت ئەگەر دۆزی کورد چارەسەرێکی بنەڕەتیی بۆ نەدۆزرێتەوە. کەواتە هۆکاری سێیەم، دەکرێ بارودۆخی ئابووری و دارایی بێت کە ئەردۆغانی ناچار کرد بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوە بنێت.

**چوارەم:** ئەردۆغان بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی دیسان بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار کاندید بکاتەوە، ئەوە یەکێك لە ڕێگەکانی ئەمە لە دانانی دەستوورێکی نوێدا تێ دەپەڕێت. چونکە ئەردۆغان و هاوپەیمانێتییەکەی، ناتوانن بەتەنیا دەستوورێکی نوێ دابنێن، بۆیە پێویستیان بە دەنگی لایەنە سیاسییە کوردییەکانە لە پەرلەمان. کەواتە ئامانجێکی دیکەی ئەم هەنگاوەی ئەردۆغان، خۆی لە دانانی دەستوورێکی نوێ بۆ تورکیا دەبینێتەوە.

### بەربەستەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە چین؟

ئەم پرۆسەیە لە ڕووی جێبەجێکردنییەوە کێشە و گرفتی زۆری لەبەردەمدایە، چونکە تا ئێستا چەندان جار کاری لەسەر کراوە بەڵام شکستی هێناوە. لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین گرنگترین ئەو بەربەستانە بخەینە ڕوو کە لەبەردەم پرۆسەکەدایە:

**یەکەم:** پێش هەموو شتێك، جارێ ناوی پرۆسەکە کێشەی جددیی لەسەرە، چونکە تورکیا بەفەرمی ڕای گەیاندووە کە لەژێر دروشمی "**تورکیایەکی بێ تیرۆر**" ئەم هەنگاوانە دەنێت. بەم پێیە بێت، پەکەکەیش لەگەڵ بەدەمهاتنەوەی ئەم بانگەوازەی تورکیا، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆیش بێت، ئەوەی قبووڵ کردووە کە چەندان ساڵە کار و چالاکییەکانی لە چوارچێوەی تیرۆردا بووە، چونکە ڕازی بووە لە پرۆسەیەکدا

بەشدار بێت کە ناوە فەرمییەکەی "**تورکیایەکی بێ تیرۆر**"ە. بۆیە بە بڕوای ئێمە ئەمەیان سەرەکیترین و گرنگترین بەربەستە لە بەرانبەر ئەم پرۆسەیە.

**دووەم:** ئۆجەلان لە کاتێکدا دانوستان دەکات کە دستبەسەرە؛ ئەمە تا چ ڕاددەیەك ئەنجامێکی دروستمان پێشکەش دەکات؟ چونکە هەلومەرجەکانی دانوستانەکان بۆ هەردوو لا، پێویستە یەکسان بێت؛ لەژێر گوشاری بەندکردن و ژیانی بەندیخانە، ناکرێ بڕیاری دروست دەربکرێت و، ئۆجەلانیش بەدەر نییە لەمە. کەواتە بەربەرستێکی دیکەی بەردەم ئەم پرسەیە ئەوەیە کە ئۆجەلان لە بەندیخانەوە بڕیاری داوە پرۆسەکە بە ناوی پەکەکە بەڕێوە ببات. ئەمەیش ئەم پرسیارەمان بۆ دروست دەکات: "**تا چەند لە کەشێکی ئازاد و دوور لە گوشار و هەڕەشە، پرۆسەکە بەڕێوە دەچێت؟**"

**سێیەم:** ئامانجی هەردوو لا لە قبووڵکردنی دەستپێکردنی ئەم پرۆسەیە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ئاستی ناوخۆی تورکیا و ئاستە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان هەندێک گۆڕانکاریی جددی ڕووی داوە و، پێشبینییش دەکرێت گۆڕانکاریی تر بەڕێوە بن؛ بۆیە هەردوو لا نایانەوێ لە دەرەوەی هاوکێشە نوێیەکەدا بمێننەوە. لەبەر ئەوە، بنەما سەرەکییەکەی ئەم پرۆسەیە خودی پرۆسەکە نییە بەڵکوو زیاتر لەسەر پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکان دەستی پێ کردووە. لەبەر ئەم هۆکارەیشە پێشبینی دەکرێت لە هەر کات و ساتدا پرۆسەکە شکست بهێنێت چونکە بنەماکەی پتەو و دروست نییە و تەنانەت متمانەیش لە نێوان لایەنەکان نییە.

**چوارەم:** لەگەڵ ئەم هەموو کێشە و گرفتە دارایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی تورکیا، ئەستەمە ئەم پرۆسەیە سەر بگرێت، چونکە دەنگدەری تورکی، ئێستا لە جیاتی دروشمەکانی بەرپاکردنی ئاشتی، زیاتر گرنگی بە لایەنی ئابووری و دارایی و ئاستی بژێوی ژیان دەدەن. بۆیە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی تورکیادا ئەگەری هەر جۆرە سوپرایزێک هەیە، هەر گۆڕانکارییەکی ڕیشەییش دەبێتە هۆی شکستهێنانی ئەم پرۆسەیە کە ئەردۆغان و باخچەلی و ئۆجەلان سەرکردایەتیی دەکەن. دیارترین ئاماژەکانی ئەم گۆڕانکارییە سیاسییە ناوخۆییانەی تورکیا، دەرکەوتنی دوو ڕکابەری سەرسەختە بەرانبەر ئەردۆغان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو. تەنانەت ئەردۆغان بۆ لەناوبردن و لاوازکردنیان پەنای بردۆتە بەر هەموو جۆرە ئامرازێک، دیارترینیان: هەڵوەشاندنەوەی بڕوانامەی ئیمام ئۆغلو و دواتر دەستگیرکردنی.

**دەرفەتەکانی ئەم پرۆسەیە بۆ کورد و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان چین؟**

کورد لە تورکیا زۆر پێویستیی بەوە هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆ قورسایی ڕاستەقینەی خۆی لە پەرلەمانی تورکیادا مسۆگەر بکرێت، بەڵام تا ئێستا پەکەکە لەگەڵ ململانێی چەکدارایدا بووە، لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردیش تا ڕاددەیەکی دیاریکراو توانیویانە چەند کورسییەک لە پەرلەمانی تورکیا بەدەست بهێنن. بێ گومان ئەگەر دانوستانەکان سەر بگرێت و پەکەکەیش بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بەشداری لە ژیانی سیاسی بکات، ئەوە لەسەر ئاستی تورکیا، کورد پێگەی گرنگتر و کاریگەرتر دەبێت و لەوانەیشە ژمارەی کورسییەکانی لە پەرلەمانی تورکیا زیاد بکات. ئەمە گرنگترین دەرفەتە لە ئەگەری سەرکەوتنی پرۆسەکە، کورد بەدەستی بهێنێت. هەروەها لە ڕووی بووژانەوەی ئابووری و گەشەپێدانەوە پەرە دەسێنێت، چونکە بەهۆی شەڕ و پێکدادانەکان و ئیدارەیەکی ناتەندروستی یەکە کارگێڕییە ناوخۆییەکانی شارە کوردییەکانی تورکیا، ئەم شارانە بەراورد بە شارەکانی دیکەی تورکیا زۆر دواکەوتوون. ئەگەر ئەم پرۆسەیە بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێ بهێنرێت، لەوانەیە بە ئەرێنی کاریگەریی هەبێت بۆ سەر شارە کوردییەکانی

تورکیا لە ڕووی کارگێڕی و گەشەسەندن و پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە.

بەڵام گەورەترین ئاستەنگ لەبەردەم بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە تورکیا، تێڕوانینی پەکەکە و سەرکردەکانی پەکەکەیە بۆ حوکمڕانی بەگشتی لەسەر ئاستی تورکیا و بەتایبەت لە نێوان لایەنە سیاسییە کوردییەکانی تورکیا، چونکە دیدگەی پەکەکە تا ئێستا بریتییە لە سەپاندنی هەژموونی خۆی و قبووڵنەکردنی هیچ لایەنێکی دیکە جگە لە خۆی و سەرکردەکانی خۆی؛ کە ئەمەیش زیانێکی زۆری هەبوو بۆ پێگەی کورد لە تورکیا و تەنانەت لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش. بۆ نموونە کاتێك سەڵاحەددین دەمیرتاش گەیشتە ئاستێك بتوانێ لە تورکیا ڕکابەرایەتیی ئەردۆغان بکات و تەنانەت ڕێژەیەکی باشی دەنگ کۆ بکاتەوە، پەکەکە ڕاستەوخۆ کاری لەسەر تێکدانی ڕەوشەکە کرد لە ڕێگەی دەستپێکردنی چالاکییەکانی و ڕووگیرکردن (ئیحراجکردن)ی دەمیرتاشەوە، کە لە کۆتاییەکەیدا بیانووی ئاوای دا بە دەستی بەرپرسانی تورکیا، دەمیرتاش لە ئەنجامیدا دەستبەسەر کرا.

بۆیە لەگەڵ ئەم عەقڵییەت و بیرکردنەوەی بەرپرسانی پەکەکە، تا چ ئاستێك یەکڕیزیی ماڵی کورد لە تورکیا ڕێك دەخرێت و بەیەکگرتوویی دەمێنێتەوە؟ ئەمە گرنگترین پرسە کە دەبێت لەسەری بوەستین. هەروەها تا چ ئاستێك ئۆجەلان دەتوانێ لە بارودۆخی ئێستادا ڕابەرایەتیی کورد بکات؟ ئاخۆ بەرپرسانی پەکەکە ئامادەن جگە لە هەڵگرانی بیر و بۆچوونی خۆیان، لایەنێکی سیاسیی کوردی دەرکەوێ و بەئازادانە کار و چالاکییە سیاسییەکانی خۆی ئەنجام بدات؟ ئەگەر پەکەکە و بەرپرسانی واز لەم بیرۆکەی خۆیان بهێنن و دەرگە بەرانبەر لایەنی سیاسیی کوردیی دیکە واڵا بکەن، ئەوە کورد بەهێزتر دەبێت و دەتوانێ ئامانجەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو بپێکێت. بەپێچەوانەوە ئەگەر پەکەکە و سەرکردەکانی سوور بن لەسەر ئەم بۆچوون و هەڵوێستانەیان، ئەوە ئەو زیانە زیاتر دەبێت کە لە تورکیا بەر کورد دەکەوێت.

لە ئەنجامدا دەکرێت هەنگاوەکانی دەستپێکردنی دانوستانەکان بۆ کورد ببێتە دەرفەت، ئەگەر لە چوارچێوەی لۆژیك و عەقڵانییەتدا هەڵسوکەوت بکات؛ بەڵام لە هەمان کاتیشدا پرۆسەکە لەوانەیە بە زیانی کورد بشکێتەوە، چونکە نە پەکەکە و سەرکردەکانی و نە ئاك پارتی و ئەردۆغان نییەتێکی ڕاستەقینەیان هەیە بۆ چارەسەر کردنی دۆزی کورد. بەڵام پێشبینیی ئەوەیش دەکرێت کە ئەم پرۆسەیە و هەنگاوانە سوودێکی ئەوتۆیان بۆ کورد نەبێت چونکە بنەمای ڕاستەقینەی دەستپێکردنەکەی، بریتی نەبووە لە چارەسەرکردنی دۆزی کورد و، سنووردار کراوە بە بەرژەوەندیی تەسکی چەند کەسایەتییەکی دیاریکراو.

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر پرۆسەکە سەر کەوێت، ئەوە سوودێکی زۆری بۆ هەرێمی کوردستانیش دەبێت، چونکە سەرەتا ناوچەکانی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن چەکدارانی پەکەکەوە کۆنترۆڵ کراوە، بەپێی ڕێککەوتنی تورکیا و پەکەکە، دەبێت چۆڵ بکرێن و کۆتایی بە شەڕ و پێکدادانەکان لەم ناوچانەدا بهێنرێت. ئەمەیش بە واتای ئەوە دێت کە هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئەمنییەوە، بەتایبەت لە ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ تورکیا، جۆرە سەقامگیری و ئارامییەك بەخۆوە دەبینێت. هەروەها بەهۆی بوونی چەکدارانی پەکەکە لەم ناوچەیە، سەدان گوند لە هەرێمی کوردستان چۆڵ کراون؛ لە ئەگەری کۆتاییهاتنی ئەم شەڕ و پێکدادانانە، ئەم گوندانە ئاوەدان دەکرێنەوە و خەڵکەکە بۆ زێدی باب و باپیرانیان دەگەڕێنەوە.

لە لایەکی دیکە سەرکردایەتیی کورد، بەتایبەت سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان "مەسعوود بارزانی" وەکوو نێوەندگیر، ڕۆڵ و پێگەیەکی گرنگی لەم پرۆسەیەدا دەبێت. هەر لەم چوارچێوەیەدا وتەبێژی دەم

پارتی (پارتی یەکسانی و دیموکراسیی گەلان) ئایشەگوڵ دۆغان ڕای گەیاند، کە ئۆجەلان داوای کردووە چاوی بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان "مەسعوود بارزانی" بکەوێت. ئەمەیش خۆی لە خۆیدا ئەوەمان پێ نیشان دەدات کە سەرکردە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەکە وەکوو نێوەندگیر بەشدار دەبن. بەتایبەت بەشداریکردنی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پرۆسەکەدا جۆرە قورساییەك دەبەخشێتە هەنگاوەکانی پرۆسەکە، چونکە وەکوو کەسایەتییەکی سیاسیی کاریگەر لەلایەن هەردوو لاوە ڕێزلێگیراوە و سەنگ و قورساییەکی بەرچاوی هەیە. بەشداریکردنی سەرکردایەتیی کورد لەم پرۆسەیەدا گرنگی و بایەخی ستراتیژیی هەرێمی کوردستانمان بۆ دەخاتە ڕوو و، لە ڕووی نەتەوەییەوە پێگەکەی جێگیرتر و کاریگەرتر دەکات.

جگە لەمانەی سەرەوە، پێگەی پەکەکە یاخود چەکدارانی نزیك پەکەکە لە شەنگالیش گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان. بەڵام ئەوەی پێشبینی دەکرێت، پێ ناچێت لایەنە نزیکەکانی پەکەکە شەنگاڵ ئاوا بەئاسانی چۆڵ بکەن؛ بەپێچەوانەوە ئەگەری جێگیربوونی چەکدارانی زیاتری پەکەکە هەیە لەم ناوچەیەدا دوای ئەوەی لە قەندیل و ناوچەکانی دەوروبەری کشانەوە یاخود ژمارەی چەکدارانیان کەم کرایەوە. ئەمەیش بە شێوەیەکی نەرێنی، کاریگەریی دەبێت بۆ سەر پێگەی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەو گرووپ و چەکدارانەی نزیك پەکەکە لە شەنگال، هاوپەیمانی حەشدی شەعبی و گرووپە شیعەکانی نەیاری هەرێمی کوردستانن؛ تەنانەت کاری جددیشیان کردووە بۆ لاوازکردنی پێگەی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەم ناوچەیەدا؛ چونکە دەبێت ئەمە لەبەرچاو بگرین کە شەنگال و چیای شەنگال پێگەیەکی ستراتیژیی گرنگن و، تێکچوونی ڕەوشی ئەمنی یاخود لەدەستدانی ئەم ناوچەیە لە ڕووە جیوستراتیژییەکەوە زیانێکی زۆر بە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت.

**کۆبەند**

بەستنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا بە دروشمی "**تورکیایەکی بێ تیرۆر**" خاڵێکی لاواز و شکستخواردووە؛ چۆن ئۆجەلان و سەرکردەکانی پەکەکە بەمە ڕازی بوون لە چوارچێوەی ئەم دروشمەدا بڕیاری بەستنی گۆنگرە بدەن و خۆیان هەڵبوەشێننەوە و کۆتایی بە سەرجەم چالاکییەکانیان بهێنن بە ناوی پەکەکەوە، جێگەی تێڕامان و هەڵوەستەکردنە. بۆیە پێشبینی دەکرێت هەر لە سەرەتای پرۆسەکەوە نیازپاکی لە هەوڵەکانی هەردوو لا بەدی نەکرێت، چونکە ئەردۆغان لە لایەك سەرقاڵی ئەوەیە لەسەر ئاستی ناوخۆ دەنگی کورد بۆ خۆی ڕابکێشێت و، لە لایەکی دیکەیشەوە لایەنە سیاسییە کوردییەکان ڕازی بکات بەوەی، کە پاڵپشتی لە ئامادەکردنی دەستوورێکی نوێ بۆ تورکیا بکەن-چونکە ئەمە یەکێکە لە ڕێگەکانی خۆکاندیدکردنی ئەردۆغان، کە پێ دەچێت ئەردۆغان تا ڕاددەیەکی باش ئەم ئامانجەی پێکابێت.

بەرانبەر ئەمە ئۆجەلان دیارە بە هەندێك دەستکەوتی کەمەوە ڕازی بووە بەرانبەر ئەوەی لە زیندانی ماڵەوە دەستبەسەر بکرێت. واتا لەم پرۆسەیەدا سەرکردەی هەردوو لا لە جیاتی بەرژەوەندیی خەڵك و گەل، ئامانجیان دەسکەوتی کەسیی تەسکە؛ ئەمەیش خۆی لە خۆیدا شکست بە پرۆسەکە دەهێنێت. بۆیە دەکرێ بڵێین بەهێزترین سیناریۆ کە چاوەڕێی پرۆسەی چارەسەری دەکات لەژێر دروشمی "**تورکیایەکی بێ تیرۆر**"، ئەوەیە کە هەردوو سەرکردە بگەنە ئامانجەکەیان بەڵام بەرژەوەندیی گشتی و گەل زیانی زیاتریان پێ بگات. واتە دوای ئەوەی ئەردۆغان و ئۆجەلان بە ئامانجە کەسییەکانیان دەگەن، پرۆسەی چارەسەری شکست دەهێنێت و، پەکەکەیش لەژێر دروشم و ناوی جیاواز درێژە بە چالاکییەکانی دەدات. جگە لەم

سیناریۆیە ڕوودانی پێشبینییەکان و ئەگەرەکانی دیکە زۆر لاوازن، بەتایبەت ئەگەری سەرکەوتنی پرۆسەی چارەسەری لە تورکیا لە چوارچێوەی ئەو هاوکێشە سیاسی، ئابووری، دارایی و کۆمەڵایەتییەی لەسەر ئاستی ناوخۆ هەیە، زۆر سەختە.